https://doi.org/10.24271/garmian.40 http://jgarmianuniv.net

# جۆگرافیای مێژوویی شاری حلوان

مۆدەرِیس سەعیدی[١]
ئەدهەم مۆرادی[٢]

حلوان شارێکی کۆن و مێژووی ناوچەی گەرمیان،لە سەر ئەو ڕێگا سەرەکیانە هەڵکەوتبوو کە شارە گرنگەکانی فەلاتی ئیران وەکوو ڕەی و هەمەدانی بە عێراق و دەشتی مێزۆپۆتامیا دەبەستەوە. ئەم شارە لە سەردەمی پێش ئیسلام خۆسرەو شاد فیروزی پێ دەگوترا و ناوەندی ناوچە یان " کورە"یەکی گرنگ بوو کە شارەکانی وەک خانەقین و ئەربل(هەولێر) سەر بەم ناوچەیە بوون. شاری حلوان پاش هاتنی ئیسلامیش ماوەیەک گرنگی و گەشانەوەی خۆی کە بەرهەمی هەڵکەوتن لەسەر ڕێگا بازرگانیەکان بوو، پاراست. لەم سەردەمەدا سەرچاوەکان بە شارێکی گەورە ناوی لێ دەبەن کە خەڵکەکەی ئامێتەیەک لە نەتەوەکانی عەرەب و کورد و فارس بوون و لە دەورووبەری شارەکەشدا هۆزە کوردە ڕەوەندەکان دەژیان. بەڵام لە نزیک نیوەی سەدەی چوارەم کۆچی بەولاوە، سەرچاوەکان لە ئاماژەیک بۆ کەمبوونەوەی بایەخ و گرنگی حلوان، دستەواژەی " شارۆچکەیان" دەربارەی بە کار هێناوە. ڕەوتی کەم بوونەوەی بایەخ و گرنگی شاری حلوان کە لە نیوەی سەدەی چوارەمی کۆچیەوە دەستی پێ کردبوو، لەگەڵ ڕوودانی چەند بوومەلەرزەیەکی گەورە لە ناوچەکە، بەتایبەت لە ساڵەکانی ٣٧٥ و ٥٤٣ ک ، خێراتر بوو، بە شێوەیەک کە دوای ئەمە ناوی حلوان بە دەگمەن لە سەرچاوەکاندا هاتووە و لە کاتی ناوهێنانیشیدا، سەرچاوەکان زۆرتر ناوچەیەکیان لا مەبەست بووە نەک شارێکی ئاوەدان.

وشە سەرەکیەکان: حلوان، جۆگرافیای مێژووی، شار،گەرمیان

## ناو

ناوی حلوان لە سەردەمی ساسانیدا " خسرەو شاد فیروز" بووە[٣] و پاش هاتنی ئیسلام ناوی شارەکە بۆ " حلوان" گۆڕاوە و لە سەرچاوە ئیسلامیەکاندا بە شێوەی " حۆلوان/ حلوان" هاتووە[٤]. سەرچاوە ئیسلامیەکان بە گشتی ناوی حلوانیان بە عەربی زانیوە و هەندێک پێیان وایە مانای ئەم وشەیە لە عەرەبیدا واتە " دیاری و پاداشت و بەخشین"[٥]. هەندێکیش پێیان وایە ناوی شارەکە لە کەسایەتیەکی ئەفسانەیی بە ناوی " حلوان کوڕی عمران کوری حاف کوڕی قضاعە" وەرگیراوە[٦]. لەگەڵ ئەمەشدا برِێک لە لێکۆڵەران پێشینەی ناوی حلوانیان بۆ سەردەمی بابێلیەکان گەڕاندۆتەوە

---

[١]- خویندکاری دکتۆرا لە بەشی مێژووی زانکۆی شەهید بەهەشتی و لێکولەر لە بەشی جۆگرافیای بنیادی دایرە المعارفی ئیسلامی- تاران

[٢]- مامۆستای یاریدەدەر، بەشی مێژووی زانکۆی گەرمیان

[٣]- ابن فقیە،ل ٣٨٧؛ ابن خردادبە، ل ٧٦.

[٤]- ابن عساکر، ل ٩٩؛ حازمی همدانی، ل ٣٨٠؛ بروسوی، ل ٢٩٨-٢٩٩.

[٥]- یاقوت حموی، ب٢، ل ٢٩٠؛ شرّای، ل ١٠٣.

[٦]- اسکندری، ل ٤١٧؛ خطیب بغدادی، ب٤،ل ٤٦٤.

و لەگەڵ شارێکی ئەو سەردەمە بە ناوی " ئالمان" کە لە بناری چیاکانی زاگرۆس بووە، یەکیان خستووە و پێیان وایە ناوی " ئالمان" لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بە " هالمان" و دواتر " حلوان" گۆڕاوە[٧]. هەندێکێ تریش وەکوو ڕاولینسۆن، حلوان بە هەمان شاری " کالح ئاشوور" یان "حلح"ی ئاشوری دەزانن کە لە سەدەی هەشتەمی پێش زاییندا، وەکوو شوێنی دوورخستنەوەی جوەکان، ئاماژەی پێدراوە[٨].

**هەڵکەوت و جۆگرافیا**

حلوان بە پێی سەرچاوەکانی سەردەمی ئیسلامی، لە ناوچەیەکی شاخاوی نزیک عێراق هەڵکەوتبوو و مەودای لەگەڵ شاری بەغدا ٤١ فەرسەخ، لەگەڵ کرماشان ٣٠ فەرسەخ و لەگەڵ قەسری شیرین ٥ فەرسەخ بووە[٩]. بە بۆنەی ئەوەی کە حلوان لە سنووری هەردوو ناوچەی عێراق و جیبال بووە، سەرچاوەکان لە سەر ئەوەی حلوان سەر بە کام ناوچە بووە، کۆک نین. ئیبن حوقل لەگەڵ ئاماژە بەم ناکۆکیانە، حلوانی سەربە ناوچەی جیبال زانیوە کە لەناوچەیەکی شاخاوی لە نزیک دەشتاییەکانی عێراق هەڵکەتووە[١٠]. یەعقووبیش حلوانی بە بەشێک لە ناوچەی جیبال زانیوە و گوتوویە کە بە هۆی ئەوەی کە باجی ئەم شارە دەدرا بە عێراق، هەندێک بە هەڵە حلوانیان سەر بە عێراق ئەژمار کردووە[١١]. لەگەڵ ئەمەشدا زۆرێک لە جۆگرافی نووسە موسڵمانەکان وەکوو جیهانی، ئیستەخری و یاقوتی حەمەوی حلوانیان سەر بە ناوچەی عێراق زانیوە و تەنانەت پاش بەسرە و کوفە و بەغداو و واسێت و سامێرا بە گەورەترین شاری عێراق ناویان لێ بردوە[١٢]. ئەبۆلفێدا و حەمدۆڵلای مستەوفی حلوانیان بە دوایین شاری عێراقە لە لای جیبالەوە، ناساندووە[١٣].

سەرەڕای نزیکبوونی حلوان لە عێراقەوە، هەڵکەوتی جۆگرافی ئەم شارە زۆرتر لە ناوچەکانی جیبال ئەچوو تا عێراق. ناوچەی حلوان بە گشتی ناوچەیەکی شاخاوی بوو و چەند زنجیرە چیایەکی تێدا بوو کە تا ناوچەی دینەوەر لەولای کرماشان درێژ دەبوونەوە[١٤]. هەووەها ناوچەی حلوان سەرچاوەی ئاوی دەوڵەمەندی هەبوو کە بە هۆکاری سەرەکی پەیدابوونی شارستانی و نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە ناوچەکە دەژمێردرێت. ڕووباری حلوان یان ئەلوەن کە ڕەنگە ناوی خۆی لە شارەکە هەڵگرتبیت، گرنگترین ڕووباری ناوچەکە بوو کە لە باکووری حلوانەوە سەرچاوەی دەگرت و بە تەنیشت شاری حلواندا تێدەپەڕی و پاش ئاودانی زەوی و زارەکانی دەورو پشتی حلوان، بەرەو قەسری شیرین و پاشان خانەقین، دەڕۆیشت[١٥].

کەش و هەوای شاری حلوان کەش و هەوایەکی نیمچە شاخاوی بووەو و بە براورد لەگەڵ ناوچە گەرمسێرەکانی عێراق لە تەنیشتیەوە، کەشو هەوایەکی مام ناوەندی هەبوو. بارانێکی زۆر و

---

[٧] - دیاکونوف، ل ١٢٤؛ کامرون،ل ٧١.
[٨] - راولینسون، ل٢١.
[٩] - ابن رسته، ل ١٦٤؛ کاتب بغدادی، ل ٩٣؛ ابن حوقل، ل ٣٥٩.
[١٠] - ابن حوقل، ل ٣٦٨.
[١١] - یعقوبی، البلدان، ل ٤٥.
[١٢] - جیهانی، ل ١٠٠، ١٤٢؛ اصطخری، ل ٨٧؛ یاقوت حموی،ب٢، ل ٢٩٠.
[١٣] - ابوالفداء، ل ٣٥٨؛ مستوفی، ل ٤٢.
[١٤] - سهراب، ل ١١٤؛ کاتب بغدای، ل ١٢٦، ١٤٩؛ البوالفداء، ل ٧٦.
[١٥] - حمدالله مستوفی، ل ٤٣، ٤٦؛ راولینسون، ل ١٨-٢١.

تەنانەت لە ڕۆژانێک لە ساڵدا، بەفریشی تێدا دەباری. هەروەها مەقدەسی ئاماژەی بە ڕەشەباکانی حلوان داوە کە ڕەنگە هۆکاری هەڵکردنی ئەم ڕەشەبایە، جیاوازی پلەی گەرما لە ناوچە شاخاویەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی حلوان لەگەڵ ناوچە دەشتاییەکانی ڕۆژئاوای ئەم شارە بووبێت[١٦].

ناوچەی حلوان بە پێی لێکۆڵینەوەکانی شوێنەوار ناسی، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و لە هەزارساڵی یەکەمی پێش زایینda، جێگای ژیانی نەتەوەکانی وەک کاسیەکان و لۆلۆبیەکان بووە. باشترین بەڵگەش بۆ گرنگی ناوچەی حلوان لەو سەردەمەدا، وێنە هەڵکەنراوەکەی ئانۆبانینی پادشای لۆلۆبیەکانە کە لە نزیک شاری سەرپێڵ زەهاوی ئێستا، لە ١٢ کیلۆمەتری حلوان هەڵکەوتووە[١٧]. لەگەڵ ئەمەشدا سەرچاوەکان هەتا پێش سەردەمی ساسانی، ئاماژەیەکی ڕاستوخۆیان بە شاری حلوان نەکردوە.

لەسەردەمی ساسانیدا ناوی حلوان " خسرۆ فیروز شاد" بووە و بە ناوەندی " کورە" یان ناوچەیەکی بەرین دەژمێردرا کە شارەکانی وەک " ئەربل/ هەولێر" و خانەقین و تامرا و جەبەل و فیروزئابادی لە خۆدەگرت[١٨]. ئاوەدانی و گەشانەوەی حلوان لەم سەردەمەدا زۆرتر بە بۆنەی هەڵکەوتنی ئەم شارە لە سەر ڕێگای سەرەکی تیسفوونی پایتەخت لەگەڵ ناوچە کانی ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتوری ساسانی بوو کە شاری حلوان بە ویستگەیەکی سەرەکی سەر ئەم ڕێگەیە دەژمێردرا[١٩].

لە چەرخە سەرەتاییەکانی سەردەمی ئیسلامیدا، حلوان بە شارێکی گەورە ناوی لێبراوە[٢٠]، لەگەڵ ئەمەشدا پێدەچێت کە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی ساسانی، لە گرنگی ئەم شارە تا ڕادەیەک کەم بووبێتەوە، چوونکوو لەم سەردەمەدا ئیتر وەک ناوەندی " کورە" ناوی لێ نەبراوە. لە نیوەی سەدەی چوارەمی کۆچی بەدواوە، بڕێک سەرچاوە زاراوەی " شارۆچکە" یان دەربارەی حلوان بە کار هێناوە کە ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ کەم بوونەوەی گرنگی ئەم شارە[٢١]. پێدەچێت ئەمە پێوەندی بە هاتنی بوومەلەرزەیەکی بەهێزەوە هەبێت کە لە ساڵی ٣٤٧ کۆچی، لە ناوچەکە ڕوویدا[٢٢]. کەمێک دواتر، مەقدەسی(کۆچکردوو لە ساڵی ٣٧٥)، حلوانی بە " قەسەبە" یان شارۆچکەیەکی بچووک ناو هێناوە کە قەڵا و بازاڕێکی هەبوو[٢٣]. پاش ئەمەش هەندێ هۆکاری تر وەک نەمانی ئاسایشی ڕێگاو بانەکان لە مەودای نێوان لاوازبوونی دەولەتی بوویی و هاتنی تورکە سەلجوقیەکان، وێران بوونی زۆرتری حلوانی لێکەوتەوە. ئەم بارودۆخە لەگەڵ ڕوودانی بوومەلەرزەیەکی گەورەی تر لە نیوەی سەدەی شەشەمی کۆچیدا[٢٤]، ڕەوتی وێران بوونی حلوانی خێراتر کرد؛ تا ڕادەیەک کە هەندێ

---

[١٦]- مقدسی، ب۴، ل ۸۴؛ رشید الدین فضل الله همدانی، ل ۸۲.
[١٧]- گیرشمن، ل ۴۱، ۵۶؛ کامرون، ل ۳۴.
[١٨]- ابن خردادبه، ل ۷۶؛ ابن فقیه ل۳۸۷ .
[١٩]- بڕوانە: ابن رسته، ل ۱۹۲-۱۹۴؛ یعقوبی، ل ۴۴-۴۵؛ کریستن سن، ل ۱۴۸.
[٢٠]- یعقوبی،البلدان، ص۷۵؛ جیهانی، ل ۱۰۰، ۱۴۲.
[٢١]- بڕوانە: اصطخری، ل ۱۶۵.
[٢٢]- بڕوانە: ابن مسکویه، ب ۶، ل ۲۰۶.
[٢٣]- مقدسی، ل ۱۳۲.
[٢٤]- بڕوانە: ابن اثیر، ب ۲۶، ل ۱۷۵؛ تتوی، ب ۵، ل ۳۰۶۵.

سەرچاوەی سەدەی هەشتەمی کۆچی بە ڕوونی ئاماژەیان بە وێرانبوونی حلوان داوە[٢٥]. پاش ئەمە ئیتر شاری حلوان فەرامۆش کراو و ناوی لە سەرچاوەکاندا بە دەگمەن هاتووە.لە کاتی هاتنی ناویشدا سەرچاوەکان زۆرتر ناوچەیەکیان لا مەبەست بووە، نەک شارێکی ئاوەدان.

**مێژووی سیاسی**

سەرچاوە ئیسلامیەکانیان کە باسی حلوانیان کردووە، بنیاتنانی ئەم شارەیان بۆ یەک لە پادشاکانی ساسانی بە ناوی قۆباد(٤٨٨-٤٩٦ و ٤٩٩-٥٣١ ز) گەڕاندۆتەوە[٢٦]. بە وتەی کریستێن سێن ، پادشا ساسانیەکان کە پایتەختیان لە عێراق بوو، سەرنجێکی تایبەتیان دەدایە حلوان کە لە سەر ڕێگای عێراق و ناوەندی قەلەمڕەوەکەیان بوو و زۆرجار لە بارەگای خۆیان لە نزیک حلوان دەخست[٢٧]. لە سەردەمی پادشایەتی خۆسرەو پەرویز و لەگەڵ بنیاتنانی قەسری شیرین لە ٥ فەرسەخی شاری حلوان، گرنگیەکی زۆرتر بەم ناوچانە درا[٢٨]. بە وتەی ئیبن خۆردادبە ئەو نێردراوانەی کە لە لایەن پادشای تورکەکانەوە دەچوون بۆ تیسفوونی پایتەختی دەوڵەتی ساسانی، لە حلوان، نیشتەجێ دەکران[٢٩]. هەروەها گرنگی حلوان لەم سەردەمەدا لە ڕوی ئەو شار و ناوچانەدا دەردەکوێت کە سەر بە حلوان بوون. بە پێی سەرچاوەکان لە سەردەمی ساسانیدا حلوان ناوەندی " کورە" یان ناوچەیەک بوو و هەندێ شاری گرنگ لەوانە هەولێر و خانەقین سەر بە بەوێ بوون[٣٠].

دوای شکستی سوپای ساسانی لە موسڵمانەکان لە شەڕی قادسییە(ساڵی ١٤ کۆچی) و دەستبەسەرداگرتنی مەداین پایتەختی ساسانیەکان، یەزدگردی سێهەم(٦٣٢-٦٥١ز) بۆ شاری حلوان هەڵات و ویستی لەم ناوچانە بەرەنگاری سوپای ئیسلام بێتەوە[٣١]. بەڵام پاش ئەوەی موسڵمانان جارێکی تر لە نزیک جەلەولا، سوپای ساسانیان تێکشکاند(ساڵی ١٦ کۆچی)، شاری حلوان لە لایەن هاشم کوڕی عوتبە و قیقاع کوڕی عەمرەوە، دەستی بەسەردا گیرا[٣٢]. دوای ئەم سەرکەوتنە، قێقاع وەکوو حوکمڕانی حلوان دەسنیشان کرا و هەر لەو ساڵەدا(واتە ١٦ ک) هەموو ناوچەکانی دەورووبەری حلوانی داگیر کرد. دوای قێقاع لە ساڵی ١٧ی کۆچی قۆباد کوڕی عەبدووڵڵا کرا بە حاکمی حلوان و دوای ئەویش لە ساڵی ٣٥ ک، لە سەردەمی خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففاندا، عوتەیبە کوڕی نەهاس لە جێگای دانرا[٣٣].

لەگەڵ دەسپێکردنی سەرهەڵدانی مۆختار (کوڕی ئەبوو عۆبەیدەی سەقەفی) لە ساڵی ٦٦ک، مۆختار حاکمی بۆ ئەو ناوچانەی کە دەستی بە سەردا گرتبوون دیاری کرد کە حوکمڕانی حلوان کەسێک بە ناوی سەعد کوڕی حذیفە کوڕی یەمان بوو[٣٤].

---

[٢٥]- قزوینی،ل ٣٥٧؛ حمدالله مستوفی، ل ٤٢.
[٢٦]- گردیزی،ل ٨٢؛ حمیری، ل ١٩٦؛ فردوسی، ل ٦٢٦.
[٢٧]- کریستن سن، ل ٥٩٢.
[٢٨]- مشکور، ب٢، ل ١٠٢٣، ١١٥٣.
[٢٩]- ابن خرادبه، ل ١٧٢.
[٣٠]- ابن خردادبه، ل ٧٦؛ ابن فقیه ل٣٨٧ .
[٣١]- یعقوبی، تاریخ، ل٧٥؛ بلاذری، ب٢، ل ٣٠٧؛ دینوری، ل ١٦٠.
[٣٢]- طبری، ب٤، ل ٢٥-٣٥.
[٣٣]- طبری، ب ٧، ل ٣٧١.
[٣٤]- طبری، ب ٦، ل ٣٤.

لە کاتی سەرهەڵدانی ئەبوومسلیمی خۆراسانیدا، حلوان بە دەروازەیەکی گرنگی هێرشی سوپای ئەبوو موسلیم بۆ سەر عێراق و شام، دەژمێردرا. لە ساڵی ١٣٢ ک قحطبە کوڕی شبیب فەرماندەی سوپای ئەبوموسلیم حلوانی داگیر کرد[٣٥]. هەر وەها لە ساڵی ١٩٦ک حلوان بوو بە مەیدانی شەڕ و ناکۆکی نێوان ئەمین و مەئموون کوڕەکانی خەلیفە هاروون ئەلڕەشید. مەئموون دوای سەرکەوتن بە سەر ئەمیندا، بەشی ڕۆژهەڵاتی قەلەمڕەوی خیلافەتی تا دەگاتە حلوان بەخشی بە بە سەرداری خۆی تاهیری زۆلیەمینین(٢٠٥-٢٠٧ک)[٣٦]. واتە لەم سەردەمەدا حلوان ڕەنگە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی تاهیریدا بووبێت.

لەگەڵ بە هێزبوونی تورکەکان لە دەم و دەزگای خیلافەت و پەیدابوونی دیاردەی " ئیقتاع"، خەلیفە مستعین (252-248 ک)، لە ساڵی ٢٤٨ک، حلوانی بە ئیقتاع بەخشی بە یەکێک لە بەندە تورکەکان بە ناوی بغای شرابی. کەمێک دواتر و لە سەردەمی خیلافەتی خەلیفە معتز(٢٥٢-٢٥٥)، حلوان بەر هێرشی خەواریج کەوت و یەکێک لە سەرکردەکانی خەواریج بە ناوی مساوری کوڕی عەبدۆلحەمید، هێرشی کردە سەر ئەم شارە و ٤٠٠ کەس لە خەڵکی شارەکەی لەگەڵ ژمارەیەک حاجیان خۆراسان کە بە ڕێگەی حەج گەیشتبوونە حلوان، کوشت[٣٧].

حلوان لە سەدەی چوارەم لە ژێر دەسەڵاتی بووییەکاندا بوو، بەڵام لەگەڵ لاواز بوونی دەسەڵاتی بووهیەکان، دەسەڵاتی هۆزە کوردەکانی ناوچەکە زیادی کرد. لە کۆتایی سەدەی چوارەم کۆچیدا، حلوان لە لایەن دەوڵەتی کوردی بەنی عەننازەوە( ٣٨١-٥١٠ )، دەستی بەسەردا گیرا و تا ساڵی ٤٣٧ک لە دەستی ئەم بنەماڵە کوردەدا مایەوە[٣٨]. بەڵام لەم ساڵەدا، ئیبراهیم یەنال، برای تۆغرۆڵ بەگی سەلجوقی، حلوانی داگیر کرد[٣٩].

لە ساڵی ٥٤٣ ک دوای تێپەڕبوونی نزیک بە ٢ سەدە لە بوومەلەرزە پێشوەکەی حلوان، بوومەلەرزەیەکی تری گەورە حلوان و شارەکانی دەورووبەری هەژاند و وێرانیەکی زۆری لە حلوان لێکەوتەوە[٤٠]. سەرەڕای هەندێ هۆکاری تر وەکوو شەڕ و نائەمنی و بوومەلەرزە پێشوەکانی ناوچەکە، لەوانەی بوومەلەرزەکەی ساڵی ٥٤٣، کاریگەریەکی ڕاستەو خۆی لە سەر وێران بوونی یەکجاری شاری حلوان هەبووبێت. دوای ئەم ڕووداوە، سەرچاوەکان ئیتر بە دەگمەن ناوی حلوانیان هێناوە.

**مێژووی کۆمەڵایەتی**

کۆمەڵگای حلوان کۆمەڵگایکی فرە نەتەوە و فرە ئایین بووە و لە سەردەمە جیاوازەکاندا پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی شار و ناوچەکە گۆڕانکاری گرنگی بەسەردا هاتووە. بە گشتی ئایینەکانی وەک

[٣٥]- بلعمی، ب ٤، ل ١٠٢٨.
[٣٦]- مسعودی، ل ٣٣٠-٣٣١؛ بلعمی، ب ٤، ل ١٢١٣-١٢٢٣.
[٣٧]- طبری، ب٩، ل ٣٧٥.
[٣٨]- بڕوانە: بدلیسی، ب١، ل ٢٢.
[٣٩]- تتوی، ب ٤، ل ٢٢٤٣-٢٢٤٧.
[٤٠]- ابن اثیر، ب٢٦، ل ١٧٥؛ تتوی، ب٥، ل ٣٠٦٥.

زەدەشتی و ئیسلام و مەسیحی و نەتەوەکانی وەک کورد و فارس و عەرەب لە شاری حلوان و دەورووبەری دا بوونیان هەبووە.

لە سەردەمی ساسانیدا ڕەنگە ئایینی زەردەشتی کە ئایینی فەرمی ئیمپراتوری ساسانی بوو، ئایینی زۆرینەی خەڵکی حلوان و دەورووبەری بووبێت، لەگەڵ ئەمەشدا بە هۆی نزیک بوون لە عێراق و ناوچەی مێزۆپۆتامیا کە کۆمەڵێکی زۆر لە مەسیحیە سوریانیەکانی تێدا ئەژیا، ئایینی مەسیحیش لە حلوان بوونێکی بەرچاوی هەبوو. لەم سەردەمەدا حلوان بە مەڵبەندێکی "ئۆسقۆف نشین" دەژمێردرا[41]. یاقووتی حەمەویش باس لە هەبوونی دەیرێکی مەسیحیەکان لەم سەردەمە لە نزیک حلوان دەکات[42]. لەگەڵ ئەمەشدا بە هۆی سیاسەتی دژە مەسیحی هەندێ لە پادشا ساسانیەکان، مەسیحیەکانی حلوان لە ژێر گوشارێکی زۆردا بوون. ئێش و ئازاری مەسیحیەکان لە سەردەمی پادشایەتی یەزدگێردی دووەم، گەیشتە لووتکە؛ بە شێوەیەک کە گوزارشتێک باس لە تێداچوونی بە هەزاران مەسیحی لە کەرکووکی نزیک حلوان لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا دەکات[43]. لە بارەی پێکهاتەی نەتەوەیی شاری حلوان و دەورووبەری لە سەردەمی ساسانیدا، سەرچاوەکان زانیاریەکیان بە دەستەوە نەداوە. بەڵام لە ڕووی ئەو زانیاریانەی کە سەرچاوەکانی سەردەمی ئیسلامی لە بارەی پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەکەوە گواستیانەتەوە، دەتوانینن بڵێن کە لەم سەردەمشدا هۆزەکوردەکان پێکهاتەی سەرەکی دەورووبەی حلوان بوون و لە ناو شاری حلوانیش ٢ نەتەوەی کورد و فارس دەژیان[44]. فارسەکانی حلوان ڕەنگە دەوڵەتی ساسانی بە هۆکاری سیاسی و سەبازیەوە لە شارەکە نیشتەجێی کردبن یان بە هۆی هەڵکەوتنی حلوان لە سەر ڕێگای ناوچەکانی فارس و تیسفوون پایەختی دەوڵەتی ساسانی، وەکوو بازرگان و...لە شارەکەدا جێگیر بووبن.

لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام، ئەوەی کە ڕوونە ،خەڵکی حلوان ئایینی ئیسلامیان قەبوڵ کرد و سەدە سەرەتاییەکانی چەرخی ئیسلامیدا زۆربەی خەڵکی ناوچەکە بووبوون بە موسڵمان. هاوکات ئایینی زەردەشتی کە لە سەردەمی ساسانیدا ئایینی فەرمی و زۆرینە لە ناوچەکە بوو، وەکوو کەمینەیەک درێژەی بە بوونی خۆی دا. ئیبن ڕۆستە، ئاماژەی بە هەبوونی ئاتەشکەدەی زەرەدەشتیەکان لە گوندێکی نزیک حلوان کردوە کە لە سەردەمی ساسانیەکانەوە مابوویەوە و لای خەڵک پیرۆز بوو و زەرەدەشتیەکان لە شوێنی دوور و نزیکەوە سەردانیان دەکرد[45]. هەروەها کەمایەتی ئایینی تریش وەکوو مەسیحی و جوەکان، لە سەدە سەرەتاییەکانی چاخی ئیسلامی لە حلوان دەژیان؛ هەرچەند لەوانەیە کە قورسایەکەیان لە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێش ئیسلام کەمی کردبێت. کەم هەژمارترین کەمایەتی ئایینی لە سەردەمی ئیسلامی لە حلوان، جووەکان بوون. مەقدەسی ئاماژەی

[41]- بڕوانە: کریستن سن، ل ٣٦٤.
[42]- یاقوت حموی، ب٢، ل ٥٢٥.
[43]- پیرنیا، ب٢، ل ٢٧٦٩؛ مشکور، ل ٤٢١.
[44]- بڕوانە: بەشی دواتری ئەم وتارە.
[45]- ابن رستە،ل ١٦٥.

بە هەبوونی کەنیسەیەکە بچوکی جووەکان لە دەرەوی شاری حلوان کردوە کە لە بەرد و دار دروست کرابوو[٤٦].

لەڕووی نەتەوەییەوە، لە سەردەمی ئیسلامیدا لە ناوشاری حلوان سێ نەوتەوەی سەرەکی واتە کورد و فارس و عەرەب دەژیان[٤٧]. عەرەبەکان پاش فەتحی ناوچەکە و لەگەڵ شەپۆلی کۆچکردنی هۆزە عەرەبەکان، ڕوویان لە شاری حلوان کردبوو. هەندێک سەرچاوە باس لە جێگیربوونی بنەماڵەی جەریر کوری عەبندوڵلای بەجەلی و هەندێ بنەماڵەی تری عەرەب لە شاری حلوان، دەکەن. ئەوەش دوای فەتح کردنی شارەکە لە لایەن سوپای ئیسلامەوە، هات[٤٨]. فارسەکانی حلوانیش کە ڕەنگە پاشماوەی سەردەمی ساسانیەکان بن، زۆرتر بە بازرگانیەوە سەرقاڵ بوون و توێژی بازرگان و بازاریەکانی شاری حلوانیان پێک دەهێن.

بەڵام نەتەوەی سەرەکی لە حلوان، کوردەکان بوون کە هەرچەندە لە ناوشاری حلوان،دوو نەتەوەی سەرەکی تر واتە فارس و عەرەب لەگەڵیان دەژیان، بەڵام لە دەورووبەری شارەکە کوردەکان زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانیان، پێک دەهێنا. کوردەکانی دەورووبەری شاری حلوان بەسەر چەندین هۆز و تیرەدا دابەش دەکران. هۆزی جۆزقانی لە بەناوبانگترین هۆزە کوردەکانی دەورووبەری پشتی حلوان بوو[٤٩]. هۆزەکوردەکانی حلوان کۆچەر بوون و شێوازی ژیانی کۆچەریان پەیڕەو کرد. ئەمەش وای کردبوو کە کە هەندێ نائارامی کە پێوەندی بە شێوازی ژیانی هۆزەکۆچەرەکانەوە هەبوو، لە ناوچەی حلوان ڕوو بدات. بۆ وێنە ئیبن ڕۆستە لە ژێر ڕووداوەکانی ساڵی ٢٩٠ کۆچیدا، باسی لە ئاژاوەی هۆزەکان و نەمانی ئاسایشی ڕێگا و بانەکانی ناوچەکە کردوە[٥٠] و نووسەری کتێبی تاریخی ئەلفی، ئاماژەی بە تاڵان کردنی بازرگانەکان لە ساڵی ٣٤١ ک داوە[٥١]. لە ساڵی ٣٥٣ک، قافڵەی حاجیانی خۆراسان لە ناوچەی حلوان تاڵان کرا[٥٢]. هەروەها کاتێک خەلیفەی عەباسی نێردراوێکی بۆ گفتگۆ کردن لەگەڵ ئەمیر نوحی سامانی ڕەوانی خۆراسان کردبوو، لە نزیک حلوان، لە لایەن هۆزە کوردەکانی ناوچەکە پەلاماری درا و نێردراوەکە دەستبەسەر کرا[٥٣]. ئەلب ئەرسەلان سەلجوقیش کاتێک کە بانگەوازی یاخیبوون و نائارامی هۆزەکانی ناوچەکەی بیست، پێش ئەوەی بچێ بۆ شەڕی ڕۆمانیەکان، سوپایەکی ڕەوانەی حلوان کرد بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئاژاوەی هۆزەکانی ناوچەکە ببێتەوە[٥٤]. ئەم چەشنە نائارامیانە کاریگەریەکی زۆر سەلبییان لە سەر ڕەوتی بازرگانی شاری حلوان هەبوو. ئەمەش بەش بە حالی خۆی بە هۆکارێکی زۆر گرنگی ویرانبوونی حلوان لێک ئەدرێتەو؛ چوونکە شاری حلوان شارێکی

[٤٦]- مقدسی، ب،ل ١٢٣.
[٤٧]- یعقوبی، البلدان، ل ٧٥؛ منجم، ص ٦٨.
[٤٨]- بلاذری،١٣٣٧، ب٢، ل ٤٢٧؛ یاقوت حموی، ب ٢، ل ٢١٦.
[٤٩]- یاقوت حموی، ب٢، ل ١٠٢.
[٥٠]- ابن رسته، ل ١٩۴.
[٥١]-تتوی، ب٣، ل ١٨٥٨.
[٥٢]- ابن مسکویه، ب۶، ل ٢٥۴.
[٥٣]- تتوی، ب٢، ل ١٨٥٨.
[٥٤]- حسینی، ل ۶٩.

بازرگانی بوو و تا ڕادەیەکی زۆر گرنگی و بوونی بە بەردەوامی پرۆسەی بازرگانیەوە ، بەسترابوویەوە.

**مێژووی ئابووری**

بنەمای ئابووری ناوچەی حلوان لە سەر کشت و کاڵ و بەخێو کردنی مەڕ و ماڵات بوو. بازرگانیش هەروەها کە ئاماژەمان پێ کرد بە هۆی هەڵکەوتنی شاری حلوان لە سەر ئەو ڕێگایانەی کە عێراقی بە خۆراسان دەبەستەوە، گرنگیەکی زۆری بە تایبەی لە پێوەندی لەگەڵ شاری حلواندا هەبوو.

هەڵکەوتی جۆگرافی ناوچەی حلوان کە ناوچەیەکی کوێستانی بوو، بە تایبەتی هەبوونی چەمی ئەڵوەن کە بە تەنیشت شارەکەدا تێدەپەڕی، بەروو بوومێکی سازگاری بۆ باخداری و بەرهەمێنانی جۆرەها مێوە دروست کردبوو. سەرچاوەکان ئاماژەیان بە بەرهەمهێنانی هەنار و هەنجیر و ترێ و خۆرما لە حلوان کردوە[55]. برێک لەم مێوژانە، لەوانە هەنجیر پاش وشک کران، ڕەوانەی شوێنە دوردەستەکان دەکران[56]. میوەکانی حلوان لە جۆری باش بوو و ناوبانگێکی زۆری هەبوو. بەشێوەیەک لە زاری قۆباد پادشای ساسانیەوە گواستویانەتەوە کە میوە حلوانی بە باشترین جۆری میوەی مەملەکەتەکەی خۆی زانیوە[57].

لەپاڵ باخداری، کشت و کاڵیش گرنگەیەکی زۆری لە ئابووری ناوچەی حلوان هەبوو و جۆرەها بەرهەمی دانەوێڵە وەکوو گەنەم و جۆ و وێنجە لە ناوچەکەدا بەرهەم دەهێنرا. بە تایبەت گەنمی حلوان ناوبنگێکی زۆری هەبوو[58].

لە بارەی بەخێو کردنی مەڕو ماڵاتیشەوە، هەرچەندە کە سەرچاوەکان ئاماژەیەکی ڕاستۆخۆیان بەم شێوازی بەرهەمهێنانە نەداوە، بەڵام هەبوونی هۆزە ڕەوەندەکان لە ناوچەکە کە بە بەخێو کردنی مەڕ و ماڵاتەوە سەرقاڵ بوون باشترین بەڵگەیە بۆ پێگە و گرنگی ئەم شێوە بەرهەمێنانە لە ئابووری ناوچەی حلواندا. تەنانەت دەتوانین بڵێین کە بە خێو کردنی مەڕ و ماڵات گرنگترین بەشی ئابووری ناوچەکە بووە. لە نێو سەرچاوەکاندا **تەبەری** بە شێوازێکی ناڕاستۆخۆ ئاماژەی بۆ ناوبانگی ئەسپەکانی حلوان و جەهانگیری بۆ بەلەزەت بوونی گۆشتی حلوان کردوە[59].

بازرگانی کۆڵەکەیەکی تری ئابووری حلوان بوو کە بە تایبەت ڕۆلی ڕاستۆخۆی لە پەیدا بوون و دواتر لە ناوچوونی شاری حلواندا هەبوو. لە سەردەمی ساسانیدا حلوان بە سەر ئەو ڕێگا سەرەکیانەوە بوو کە تیسفونی پایتەختی بە خۆراسان و ناوەدەکانی تری ئیمپراتوری ساسانیەوە دەبەستەوە. دوای هاتنی ئیسلامیش لە سەدە سەرەتاییەکانی چاخی ئیسلامیدا حلوان ئەم ڕۆلەی خۆی پاراست. بینای " تاق گەرا" کە بە تەنیا بینای بە جێماو لە سەدەمی ساسانی لە ناوچەی حلوانە، بە باوەڕی لێکۆڵەران کاروانسەرا یان شوێنێک بۆ حەوانەوەی کاروانە بازرگانیەکان بووە.

---

[55]- اصطخری، ل ۱۱۸؛ حمیری، ل ۱۹۶؛ بغدادی، ب۱، ل ۴۱۸؛ البوالفداء، ل ۳۵۱.
[56]- حدود العالم من المشرق الى المغرب، ل ۱۶۰.
[57]- ابن خردادبه، ل ۱۷۲.
[58]- مستوفی، ل ۱۷۹.
[59]- طبری، ب۹، ل۲۹۴؛ جهانگیری، ل ۴۲۸.

لە سەردەمی ئیسلامیشدا سەرچاوەکان ئاماژەیان بە " عەقبەی حلوان" داوە کە مەبەستیان ئەو ڕێگایە بووە کە لە حلوان تێدەپەڕی و بەغدادی پایتەختی بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی خیلافت دەبەستەوە[٦٠]. سەرەڕای ئەمە حلوان لە سەدە سەرەتاییەکانی چاخی ئیسلامیدا شوێنی تێپەربوونی حاجیەکان ڕۆژهەڵات و خۆراسان بۆ عێراق و لەوێشەوە بۆ حیجاز بوو[٦١].

هەر وەها ئاماژەمان پێکرد، نائارامی ڕێگاوبانەکان و ڕیگری و تالآنی هۆزەکانی ناوچە کە لە سەدەکانی سێهەم بەدواوە، بە تایبەت دوای نەمانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی بە هێز، سەری هەڵدا، ڕۆڵێکی یەکجار زۆری لە کەم بوونەوەی چالاکی بازرگانی لە ناوچەی حلوان هەبوو. لە سەردەمی دەسەڵاتی سەلجقوقیەکانیشدا دیاردەی ئیقتاع یان " پێدانی داهاتی ناوچەکان بە سەرکردەنیزامیەکان، لە باتی پاداشتی خزمەت" ، کاریگەریەکی نێگاتیوی لە سەر بازرگانی ناوچەی حلوان هەبوو. لەم چوارچیوەدا هەندێک شوێن لە ناوچەی حلوان بە ئیقتاع درا بە سەرکردە تورکەکان[٦٢]. خاوەن ئیقتاعەکان کە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دەستوو پێوەندەکانی خۆیان لەم ناوچانە جێگیر ئەبوون، هەوڵیان دەدا لە کەمترین کاتدا زۆرترین داهات لە ناوچەکە بەدەست بهێنن و حکومەتی سەلجقوقیش چاودێریەکی بە سەر کردەوەکانیاندا نەدەکرد[٦٣] . یەک لە سەرچاوەکانی داهاتی ئەم ئیقتاع دارانە، باجێک بوو کە بەسەر ڕێگا بازرگانیەکاندا دەیانسەپاند. بەڵام زۆربوونی ئەم باجە کە لە ناوچە جیاجیا کاندا، وەردەگیرا، کەم کەم لاواز بوونی پرۆسەی بازرگانی لێ کەوتەوە. ئەمەش بۆ شارێکی وەک حلوان کە فەلسەفەی پەیدا بوونی تا ڕادەیەکی زۆر بە هەڵکەوتن لە سەر ڕێگا بازرگانیەکان بەسترابوویەوە، زیانێکی زۆری هەبوو.

**ئەنجام**

شاری حلوان کە یەکێکە لە شارە مێژوویەکانی ناوچەی گەرمیان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. لە سەردەمی ساسانیدا ئەم شارە کە خەسرەو شاد فیرۆزی پێ دەگوترا، بە هۆی هەڵکەوتن لە سەر ڕێگا بازرگانیەکان گەیشتە ئەو پەڕی گەشەی خۆی. بەشێوەیەک کە بە ناوەندی ناوچەیەکی بەرین دەژمێردرا کە هەندێ شاری تر لەوانە هەولێر و خانەقین پێوەی بەسترابوونەوە. لەم سەرەدەمەدا لە ناوشاری حلوان دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و فارس بوونیان هەبوو؛ بەڵام ناوچەکە بە گشتی کوردنشین بوو و لە دەوروو بەری شارەکەدا هۆزە کوردەکان دەژیان. پاش هاتنی ئیسلام هەندێ گۆڕانکاری گرنگی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ناوچەی حلوان ڕویان دا. لەم سەردەمەدا هەندێ هۆز و بنەماڵی عەرەب کە لەگەڵ شاڵاوی فتوحات ڕویان لە ناوچەکە کرد؛ تا ڕادەیەک کە سەرچاوە ئیسلامیەکان لە پاڵ کورد و فارس، ئاماژە بە نەتەوەی عەرەب وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی شاری حلوان ئەکەن. هەڵبەت لە دەوروو بەری شاری حلوان هۆزە کوردە کۆچەرەکان، پێکهاتەی سەرەکی ناوچەکە بوون.

---

[٦٠]- ابن فقیه، ل ٣٩٠.
[٦١]- بروانە: طبری، ب٩، ل ٣٧٥.
[٦٢]- بروانە: بنداری اصفهانی، ل ٢٥٣٦؛ لمبتون، ل ١٠٩-١٢٤.
[٦٣]- لمبتون، ل ١١٢-١١٣.

حلوان لە سەردەمی ئیسلامیشدا، ماوەیەک گرنگی و گەشانەوەی خۆی پاراست. هەندێ لە سەرچاوە ئیسلامیەکان ئاماژەیان بە گەورە بوونی حلوان داوە. بەڵام لە سەدەی چوارەم بەولاوە هێدی هێدی لە گرنگی شاری حلوان کەم بوویەوە کە ئەمە لە ئاماژەی سەرچاوەکان بە حلوان کە وەکوو شارۆچکە یان شارێکی بچووک ناو دەبەن، ڕەنگی داوەتەوە.

حلوان شارێکی بازرگانی بوو کە بوون و گەشانەوەی لە دەرجەی یەکەمدا، لە بەر هەڵکەوتنی لە سەر ڕێگا بازرگانیەکان و بەردەوام بوونی پرۆسەی بازرگانیەوە بوو. لە سەردەمی ساسانی و سەدە سەرەتاییەکانی سەردەمی ئیسلامی، حلوان ئەم ڕۆڵەی خۆی پاراست. بەڵام دواتر بە هۆی نا ئەمن بوونی ڕێگاو بانەکان و وەستانی پرۆسەی بازرگانی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، لە بایەخی حلوان کەم بوویەوە. سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ دەرکەوتەکانی ئەم نائامنیانە کە بەشێکی بە هۆی بۆشایی دەسەڵات و چالاکی هۆزەکانی ناوچەکە بوو، کردوە. سەرەڕای ئەمە، ئەو ناوچەی حلوانی تێدا بوو، ناوچەیەکی بوومەلەرزە خێز بوو. لە ساڵەکانی ٣٤٧ و ٥٤٣ کۆچی دوو بوومەلەرزەی بە هێز ئەم شارەیان هەژاند کە هەر جار وێران بوونی بەشێکی شارەکەی لێکەوتەوە. ئەم بوومەلەرزانە ڕەوتی وێرانبوونی شاری حلوانی کە بە هۆی لەدەست چوونی پێگەی بازرگانی شارەکە لە ئارادا بوو، خێراتر کرد. دوای بوومەلەرزەکەی سالی ٥٤٣ ئیر سەرچاوەکان بە دەگمەن ناوی حلوان دەبەن . لە کاتی ناوهێنانیشدا مەبەستیان ناوچەیەک بووە نەک شارێکی ئاوەدان.

## سەرچاوەکان


**ابن اثیر**، عزالدین. تاریخ کامل بزرگ اسلام و ایران. ترجمه عباس خلیلی و ابوالقاسم حالت. تهران: موسسه مطبوعات علمی، 1371.

**ابن العدیم**، کمال الدین عمر بن احمد بن ابی جراده. بغیه الطلب فی تاریخ الحلب. بیروت: دارالفکر، بی تا.

**ابن حوقل**. محمد بن حوقل، صوره الارض، دارصادر، بیروت، 1938م

**ابن خردادبه**، عبیدالله بن عبدالله، المسالک و الممالک، دارصادرافست لیدن، بیروت، 1992م.

**ابن رسته**، احمد بن عمر، اعلاق النفیسه، بیروت، دارصادر، 1893م.

**ابن عساکر**، ثقه الدین ابوالقاسم علی بن حسن بن هبه الله، اربعون حدیثا لاربعین شیخا من اربعین بلده، محقق: مصطفی عاشور، مکتبه القران-القاهره، بی تا

**ابن فقیه**، احمد بن محمد بن اسحاق. البلدان. بیروت: عالم الکتب، 1416ق.

**ابن مسکویه**، احمد بن علی، تجارب الامم، تحقیق ابوالقاسم امامی، تهران، سروش، 1379ش.

**ابن ندیم**، محمد بن اسحاق، الفهرست، دارالمعرفه، بیروت، بی تا

**ابوالفدا**، اسماعیل بن علی، تقویم البلدان، مکتبه الثقافیه الدینیه، قاهره، 2007م.

**اسکندری**، نصر بن عبدالرحمن ، الأمكنة و المياه و الجبال و الآثار، مرکز الملک فیصل للبحوث و الدراسات الاسلامیه، ریاض، ١٤٢٥هـ

**اشپولر**، برتولد. تاریخ ایران در قرون نخستین اسلامی. ترجمه جواد فلاطوری. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی، 1373.

**اصطخری**، ابراهیم بن محمد، المسالک و الممالک، مصحح: ابوزید، دارصادر، بیروت، لیدن، 1927م

**اصفهانی**، حمزه. تاریخ پیامبران و شاهان (تاریخ سنی ملوک الارض و الانبیاء). ترجمه جعفر شعار. تهران: امیر کبیر، 1367.

**بدلیسی**، شرف خان. شرفنامه. به تصحیح ولادیمیر ولییامینوف. تهران: انتشارات اساطیر، 1377.

**بروسوی**، محمد بن علی ، اوضح المسالک الی معرفه البلدان و الممالک، مصحح: مهدی عبدالرواضیه، دارالغرب اسلامی، بیروت، 1427هـ.

**بغدادی**، صفی الدین عبدالمومن بن عبدالحق. مراصد الاطلاع علی اسماء الامکنه و البقاع. بیروت: دارالجیل، 1412ق.

**بکری**، ابوعبید. المسالک و الممالک. بی جا: دارالغرب اسلامی، 1992م.

بلاذری، احمد بن یحیی. انساب الاشراف. ج2. تحقیق محمود الفردس العظم. دمشق: دار الیقظه العربیه، 1939م.

**بلاذری**، احمد بن یحیی، فتوح البلدان، دارو مکتبه الهلال، بیروت، 1998م.

**بلعمی**، ابوعلی. تاریخنامه طبری. به تصحیح محمد روشن. تهران: سروش / البرز، 1373 / 1378.

**بنداری اصفهانی**، فتح بن علی. تاریخ سلسله سلجوقی. ترجمه محمد حسین جلیلی. تهران: بنیاد فرهنگ ایران، 2536.

**پیرنیا**، حسن. تاریخ ایران باستان. تهران: دنیای کتاب، 1375.

**تتوی**، احمد و آصف خان قزوینی. تاریخ الفی. به تصحیح غلامرضا طباطبایی مجد. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی، 1382.

**جوینی**، علاءالدین عطاءملک. تاریخ جهانگشا. به تصحیح محمد قزوینی. تهران: دنیای کتاب، 1385.

**جهانگیری**، نورالدین محمد توزک. جهانگیرنامه. ترجمه محمد هاشم. تهران: بنیاد فرهنگ ایران، 1359.

**جیهانی**، ابوالقاسم بن احمد. اشکال العالم. ترجمه علی بن عبدالسلام کاتب. با مقدمه و تعلیقات فیروز منصوری. تهران: شرکت به نشر، 1368.

**حازمی همدانی**، ابوبکر محمد بن موسی بن عثمان ، الاماکن او ما اتفق لفظه و افترق مسماه من الامکنه، المحقق: حمد بن محمد الجاسر، داراليمامه للبحث و الترجمه و النشر، 1415هـ.

**حافظ ابرو**، شهاب الدين عبدالله خوافى. جغرافياى حافظ ابرو. به تصحيح غلامرضا مايل هروى. تهران: ميراث مكتوب، 1375.

**حدود العالم من المشرق الى المغرب**، ناشر: الدار الثقافيه للنشر، القاهره، چاپ 1423

**حسينى**، صدرالدين ابوالحسن. زبده التواريخ: اخبار الامراء و الملوك السلجوقيه. به تصحيح محمد نورالدين. تهران: انتشارات ايل شاهسون بغدادى، 1380.

**ياقوت حموى**، ياقوت بن عبداله، معجم البلدان، دارصادر، بيروت، 1995م.

**حميرى**، محمد بن عبدالمنعم. الروض المعطار فى خبر الاقطار. بيروت: مكتبه لبنان، 1984م.

**خطيب بغدادى**، احمد بن على ، تاريخ بغداد، مصحح: مصطفى عبدالقادر عطا، دارالكتب العلميه، بيروت، ١٤١٧هـ

**دياكونوف**، ا.م. تاريخ ماد. ترجمه كريم كشاورز. تهران: پيام، 2537.

**دينورى**، ابوحنيفه. اخبار الطوال. ترجمه محمود مهدوى دامغانى. تهران: نشر نى، 1383.

راولينسون، سر هنرى. سفرنامه راولينسون (گذر از ذهاب به خوزستان). ترجمه سكندر امان اللهى بهاروند. تهران: انتشارات آگاه، 1362.

**زمخشرى**، ابوالقاسم محمود بن عمرو بن احمد ، الجبال و الامكنه و الامياه، المحقق: احمد عبدالتواب عوض المدرس بجامعه عين شمس، دارالفضيله للنشر و التوزيع، القاهره، 1319هـ.

**زهرى**، ابوعبدالله محمد بن ابى بكر ، الجغرافيه، ترجمه: حسين قره چانلو، تهران، ١٣٨٢

**سمعانى**، عبدالكريم. الانساب. ج2. بيروت: دار الكتب العلميه، 1419ق.

**سهراب**. عجايب الاقاليم السبعه الى نهايه العماره، مصحح هانس فون مژيک، مطبعه آدولف هولزهوزن، وين، 1347.

**شُرّاب**، محمد بن محمد حسن ، المعالم الاثيره فى السنه و السيره، دارالقلم، دارالشاميه- دمشق، بيروت، 1411هـ

**طبرى**، ابوجعفر محمد بن جرير، تاريخ الامم و الملوک، تحقيق محمد ابوالفضل ابراهيم، بيروت، داراالتراث، ط الثانيه، 1967/1387.

**فردوسى**، ابوالقاسم. شاهنامه فردوسى. به تصحيح ژول مول. تهران: انتشارات بهزاد، 1389.

**قزوينى**، زكريا. آثار البلاد و اخبار العباد. به تصحيح عبدالرحمن شرفكندى. تهران: امير كبير، 1373.

**كامرون**، جورج. ايران در سپيده دم تاريخ. ترجمه حسن انوشه. تهران: علمى و فرهنگى، 1365.

**كريستين سن**، آرتور. ايران در زمان ساسانيان. ترجمه رشيد ياسمى. تهران: دنياى كتاب، 1368.

**گردیزی**، عبدالحی بن الضحاک. زین الاخبار. به تصحیح عبدالحی حبیبی. تهران: دنیای کتاب، 1363.

**گیرشمن**، رومن. ایران از آغاز تا اسلام. ترجمه محمد معین. تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب، 1355.

**لمبتون**، آن. تداوم و تحول در تاریخ میانه ایران. ترجمه یعقوب آژند. تهران: نی، 1372.

**حمدالله مستوفی**، نزهه القلوب. به کوشش محمد دبیر سیاقی. تهران: طهوری، 1336.

**مسعودی**، ابوالحسن علی بن حسین. التنبیه و الاشراف. ترجمه ابوالقاسم پاینده. تهران: علمی و فرهنگی، 1365.

**مشکور**، محمد جواد. ایران در عهد باستان. تهران: امیر کبیر، 1347.

**مقدسی**، ابوعبدالله محمد. احسن التقاسیم فی معرفه الاقالیم. دارصادر، بیروت.

**مقدسی**، مطهر بن طاهر. آفرینش و تاریخ. ج4. ترجمه محمدرضا شفیعی کدکنی. تهران: بنیاد فرهنگ ایران، 1350.

**منجم**، اسحاق بن حسین ، آکام المرجان فی ذکر المدائن المشهوره فی کل مکان، عالم الکتب، بیروت، 1408

**همدانی**، رشیدالدین فضل الله. جامع التواریخ؛ تاریخ آل سلجوق. تهران: میراث مکتوب، 1386.

**یعقوبی**، احمد بن اسحاق، البلدان، مصحح: محمد امین ضناوی، دارالکتب العلمیه، بیروت، 1422هـ.ق.